

# ئەو ڕۆژەی ماڵەوەم بەجێ هێشت بۆ ئەوەی بچم بۆ شار


Lesley Koyi, Ursula Nafula
Brian Wambi
Agri Afshin

kurdisk (sorani)
nivå 3




له گوندەکەی ئێمە وێستگەیەکی بچووکی بووسی لێ بوو، کە پڕ بوو له خەڵك و بووسی زۆری لێ ڕادەوستا. لەسەر عەرزەکە شتێکی زۆری لێ بوو کە دەبوایە بار کرابان. شاگرد شۆفیرەکان هەرای ناوی شوێنەکانیان دەکرد کە بووسەکان بۆی دەچوون.




گوێم لە دەنگی شاگردشۆفیرێك بوو کە هەرای دەکرد: "شار" "شار" "وێستگەی ڕۆژئاوا!" ئەوە ئەو بووسە بوو کە من دەبوایە سوار بوایەم.




بووسی شار هەمیشە پڕ بوو، بەڵام خەڵك هەر پاڵیان بە یەکترەوە دەنا بۆ ئەوەی سوار بن. هەندێك بارەکانی خۆیان دەخستە ناو سندووقی ژێر بووسەکەوە. ئەوانی دیکەش دەیانهێنایە ناو بووسەکە و لەسەر بارپێچەکانی ژوورەوەیان دادەنا.



گەشتیارە نوێیەکان بلێتەکانیان بە توندی لەناو دەستیان گرتبوو و لەناو بووسە قەرەباڵغەکەدا بە دوای شوێنێکدا دەگەڕان دابنیشن. ژنەکان هەوڵیان دەدا شوێنێکی گونجاو بۆ منداڵەکانیان بدۆزنەوە لە گەشتە دوور و درێژەکەیاندا.



من بەزۆر شوێنی خۆم لە تەنیشت پەنجەرەیەکەوە کردەوە. ئەو پیاوەی لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو، کیسەیەکی سەوزی لەناو دەستدا بوو. ئەو سەندەڵێکی دەپێدا بوو، و کۆتێکی کۆنەشی پۆشیبوو. پیاوەکە پەشۆکاو دیار بوو.



له پەنجەرەکەوە سەیری دەرێم دەکرد کە خەریك بوو لە گوندەکەم دوور دەکەوتمەوە. ئەو شوێنەی کە لێی گەورە ببووم. من دەمهەویست بچم بۆ شارە گەورەکە.



هەموو کەلوپەلەکان بار کران و گەشتیارەکانیش لە شوێنەکانیان دانیشتن. دەستفرۆشەکان هێشتا هەر بەزۆر خۆیان بەناو بووسەکەدا دەکرد بۆ ئەوەی شتەکانیان بە گەشتیارەکان بفرۆشن. ئەوان هەرایان بۆ ئەو شتانە دەکرد کە دەیانفرۆشتن. نێوی شتەکان زۆر سەیر بوون.



هەندێك لە گەشتیارەکان خواردنەوەیان کڕی، ئەوانی دیکەش خواردنیان کڕی و دەیانخوارد. ئەوانەشی کە پارەیان نەبوو، وەکوو من، تەنیا چاویان لێ دەکرد.




لەگەڵ هەرای شۆفیر، هەموو ئەو جموجۆڵانە کۆتاییان پێ هات.
شاگردشۆفیرکە بە دەستفرۆشەکانی گوت دەبێ بچنە خوارەوە.



دەستفرۆشەکان پاڵیان بە یەکترەوە دەنا بۆ ئەوەی زوو لە بووسەکە بچنە خوارەوە. هەندێك باقی پارەکانیان دەدایەوە بە گەشتیارەکان. هەندێکی دیکەشیان هەوڵیان دەدا لە کۆتا دەرفەتدا شتی زیاتر بفرۆشن.



کاتێ بووسەکە وێستگەکەی بەجێ هێشت، من لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرێم دەکرد. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا جارێکی دیکە دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ گوندەکەم.



ورده ورده، به درێژایی گەشتەکەمان، هەوای ناو بووسەکە گەرم بوو.

من چاوەکانم نووقاند بە ئومێدی ئەوەی کە خەوم لێ بکەوێ.



بەڵام هەر بیرم لای ماڵەوە بوو. ئایا دایکم سەلامەت دەبێ؟ ئایا دەتوانم هیچ قازانجێك لە کەروێشکەکانم بکەم. ئایا براکەم لە بیری دەبێ درەختە ساواکانم ئاو بدات؟



له ڕێگا توانیم نێوی ئەو شارە گەورە لەبەر بکەم کە مامم لێی دەژیا. نێوی شارەکەم لەبەر خۆمەوە دەگوتەوە تا ئەوەی خەوم لێ کەوت.



نۆ کاتژمێر دواتر، بە دەنگی بەرزی پیاوێك بەخەبەر هاتم کە هەرای گەشتیارەکانی دەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ گوندەکەم. منیش جانتا چکۆلەکەم هەڵگرت و لە پاسەکە هاتمە خوارەوە.




بووسەکە دەگەڕایەوە، زۆر زوو پڕ بوو. گرنگترین شت بۆ من ئێستا
دیتنەوەی ماڵی مامم بوو.

# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## ئەو ڕۆژەی ماڵەوەم بەجێ هێشت بۆ ئەوەی بچم بۆ شار

Skrevet av: Lesley Koyi, Ursula Nafula
Illustret av: Brian Wambi
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 4.0 Internasjonal Lisens.